ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Reading of Latif Halmats poem(Gorany) according to the method of structural criticism

Assistant lecture: Rebaz Mohammad Amin*
Education College ‹Raparin University Qaladze ‹ Kurdistan Region
rebazm.amin@uor.edu.krd
&
Assistant lecture: Hawkar Qadir Rasul
Basic Education College ‹Raparin University‹ Ranya, Kurdistan Region
Hawkar.qadir@uor.edu.krd
&
Assistant lecture: Kwestan Ali Hamakarim
Halabja University ‹Halabja Shahid ‹Kurdistan Region
kwestan.ali@uoh.edu.iq

**Received:** 12 / 6 / 2023 , **Accepted:** 4 / 7 /2023, **Online Published: 31 / 7 / 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

Structuralism is a conceptual and methodological approach to describing and analyzing literature texts. This approach sees the text as separate entity that should be treated independently. In literature, (the author, the text, the reader) focuses on the text. Ferdinand de Saussure, a Swiss linguist, semiotician, and philosopher propounded the structuralism theory also known as structuralism. This approach focuses on the literary text, the text is the center for the analysis. It ignores the author's life and environment,

* **Corresponding Author**: Rebaz Mohammad, **Email**: rebazm.amin@uor.edu.krd
**Affiliation**: Kurdish Department ‹Education College ‹Raparin University Qaladze ‹ Kurdistan Region - Iraq

i.e. in analyzing the structures of literary text, Structuralism is general theory of culture and methodology that implies that elements of human culture must be understood by the way of their relationship to a broader system. This makes it different from approaches like psychoanalysis and historical-biographical approach that focuses on the psychology the biography of the writer, the environment, and the social environment, structuralism only cares about the text and uses textual elements to understand meaning. From the perspective of Structuralism this paper tries to analyze Latif Halmat'e poem (Gorani). Dualism is a concept of structuralism, and this paper concludes that Latif Halmats poem is based on dualism. The aim of this research is to further clarify the way in which the Structuralism method is applied to poetry in order to further clarify the authority of this method over analyzing poetic texts.

**Keywords:** method, constructive method, criticism, similar, opposing, Latif Halmat.

# قراءة قصيدة(گۆرانى) ل(لطيف هەڵمەت) وفق منهج النقد البنيوي

م. م. ريباز محمد امين

قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة رابارين

و

م. م. هاوكار قادر رسول

قسم اللغة الكردية، كلية التربية اساسي، جامعة رابارين

و

م. م. كوێستان عەلى حەمەكريم

رئاسة جامعة حلبجة في اقليم كردستان

**المستخلص**

البنائية في الأدب هي إحدى الطرق النقدية المستخدمة لتحليل النصوص الأدبية. يرى هذا النهج النص ككيان منفصل يجب التعامل معه بشكل مستقل. ومن ثلاثية الأدب (المؤلف ، النص ، القارئ) يركز على النص. قدم فرديناند دي سوسور، عالم لغوي وسيميائي وفيلسوف سويسري، نظرية البنيوية المعروفة أيضًا بالبنيوية. يركز هذا النهج على النص الأدبي ، والنص هو مركز التحليل. إنه يتجاهل حياة المؤلف وبيئته ، أي في تحليل هيكل النص الأدبي، فإن البنيوية هي نظرية عامة للثقافة والمنهجية التي تشير إلى أن عناصر الثقافة البشرية يجب أن تُفهم من خلال طريقة علاقتها بنظام أوسع. هذا يجعله مختلفًا عن مناهج مثل التحليل النفسي والنهج التاريخي والسيرة الذاتية الذي يركز على علم النفس ، وسيرة الكاتب ، والبيئة ، والبيئة الاجتماعية ، والبنيوية تهتم فقط بالنص وتستخدم

العناصر النصية لفهم المعنى. من منظور البنيوية تحاول هذه الورقة تحليل قصيدة (لەتيف هەڵمەت) (گوراني). الثنائية هي مفهوم البنيوية ، وتخلص هذه الورقة إلى أن قصـــيدة (لەتيف هەڵمەت) مبنية على الثنائية. الهدف من هذا البحث هو زيادة توضيح الطريقة التي يتم بها تطبيق منهج البنيوية على الشعر من أجل زيادة توضيح سلطة هذه الطريقة على تحليل النصوص الشعرية.

**<u>الكلمات الدالة:</u>** منهج، منهج البنيوية، نقد، متشابه، تناقض، لطيف هلمت.

**خوێندنەوەیەك بۆ تێكستی( گۆرانی)ی (لەتیف هەڵمەت)بەپێی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری**

م.ی ڕێباز محمد أمین
**بەشی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی ڕاپەڕین، هەرێمی كوردستان – قەڵادزێ**
و
م.ی هاوكار قادر ڕسوڵ
**بەشی كوردی، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی ڕاپەڕین، هەرێمی كوردستان**
و
م.ی كوێستان عەلی حەمەكریم
**زانكۆی هەڵەبجە، هەرێمی كوردستان، هەڵەبجەی شەهید**

**پێشەكی**

لێكۆڵینەوەكە لە ژێر ناونیشـانی (خوێندنەوەی شـیعری( گۆرانی)ی (لەتیف هەڵمەت) بەپێی میتۆدی بونیـادگـەری) لێكۆڵینـەوەیـەكـە هـەوڵی تێگـەیشـــتن و خوێنـدنـەوەی تێكستی(گۆرانی)ی لەتیف هەڵمەت دەدات بەپێی بنەماكانی ڕەخنەی بونیادگەری.
میتۆدی بونیادگەری یەكێكە لە ڕێبازەكانی شـیكردنـەوەی دەق، دەق وەك قەوارەیەكی زمانیی داخراو دەبینێ و دایدەبڕێ لە جیهانی دەرەوە، دژی ئەو خوێندنەوانەیە، كە لە بازنەی دەق دەچنە دەرەوە، واتا لە هەرەمی(نوسـەر، دەق، وەرگر)دا گرنگی و بایەخ بە دەق دەدات، بەبێ گوێـدانە ژینگە و ئەو فـاكتەرە كۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایدۆلۆژیانەی، كە دونیای نوســـەر پێكدەهێنن، ئەوەش وادەكات پرۆســـەی ڕەخنە و خوێندنەوەی تێكست بە كۆمەكی یەكە و پێكهاتە زمانییەكان لە دەقەوە دەستپێبكات و لە دەقیشـــدا كۆتایی پێبێت، هەربۆیە ئەو خوێندنەوانەی پشـــت بە پێودانگی ئەو میتۆدە دەبەســتن زیاتر لەخزمەتی شـیكردنەوەی دەقدان نەوەك ژینگە و ژیانی دەقنوس، لەو ڕووەوە ئەو توێژینەوەیە تایبەتە بە خوێندنەوەی تێكسـتی(گۆرانی) لەتیف هەڵمەت، بەو ئـامـانجەی لەڕێگەی ڕەگەزە پێكهێنەرەكـانی ئەو دەقەوە ڕەهەنـدە ئیســـتـاتیكییەكـانی بخەینەڕوو.
لە نوسینی ئەم لێكۆلینەوەیەدا، بەشێوەیەكی سەرەكی و بە پلەی یەكەم ڕێبازی پەسنی (وەســـفی) پەیرەوكراوە، ڕەنگە لە هەندێ شـــوێندا ڕێبازەكانی دیكە كاریان كردبێتە سەر نوسینی ئەم لێكۆڵینەوەیە و بەپێی پێویستی لێكۆڵینەوەكە.

گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆر کەم لە دەق بەم میتۆدە شیکراوەتەوە، ئەوەی هەیە زیاتر قسە کردنە بەشێوەی تیۆری لەسەر میتۆدەکە.

لێکۆڵینەوەکەمان جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشەکانیش بەم شێوەیە پۆلێنکراون،
لەبەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی تیۆری باسمان لە زاراوە و چەمکی بونیادگەری کردووە.
لەبەشی دووەمدا بە پێی تیۆری بونیادگەری و بەشێوەیەکی پراکتیکی خوێندنەوە و شیکردنەوەمان بۆ تێکستی(گۆرانی)ی(لەتیف هەڵمەت) کردووە.
**کلیلە وشەکان:** میتۆد، میتۆدی بونیادگەری، ڕەخنە، هاوشێوەیی، دژیەکی، لەتیف هەڵمەت.

**بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی بونیادگەری**

بەر لەوەی بێینە سەر باسی ناساندنی چەمك و زاراوەی میتۆدی بونیادگەری، پێویستە پێناسەی چەمکی میتۆد بکەین، چونکە لە دنیای زاست و زانیاریدا هیچ لێکۆڵینەوەیەك بەبێ میتۆد و ڕێباز و یاسا بەڕێوەناچێت، هەر لێکۆڵینەویەك(چ زانستی بێت، یان ئەدەبی) بەپێی میتۆد و ئاراستەیەکی دیاریکراو هەنگاو دەنێ تا دەگاتە ئەنجامێکی یەکلاییکەرەوە، هەبوونی میتۆد لەبواری لێکۆڵینەوەدا وادەکات لێکۆڵینەوە بە ئاراستەیەکی بابەتی و زانستی ئەنجام بدرێت و دووربێت لە هەڵەو سەرلێشێوان و بڕیاردانی ڕەها و هەڕەمەکی. کەواتە ((بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین میتود هۆکارێکی دیاریکراوە بەمەبەستێکی دیاریکراو دەگات، یان پلانێکی ڕێکخراوە بۆ کردە زیهنی هەستپێکراوەکان بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی ڕاستیەکان، یان میتۆد بریتییە لە ڕێگە یان سیستەمێکی ڕێکخراو و ئامادەکراو، کە بەهۆیەوە دەگەینە ئەنجامێکی دیاریکراو))( خلیل قادر، 2009: 5 ).
دەربارەی چەمك و چییەتی میتۆدی بنیاتگەری بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەو زاراوانە بکەین، کە بۆ بونیادگەری بەکارهاتوون لەلایەن نوسەران و لێکۆڵەرانی کوردەوە چونکە هەروەکو ئاشکرایە لەناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا بونیادگەری زاراوەی جۆربەجۆری بۆ بەکارهاتوون لەوانە:(( بونیادگەری، بنیاتگەری، بنەماخوازی، پێکهاتەخوازی، نژیارگەری، بناغەگەری، پێکهاتەگەرایی، قەوارەخوازی). لەڕوی زاراوەوە بونیادگەری وشەیەکی لاتینیە لە( stuere)ی لاتینییەوە هاتووە، کە بە واتای بینا، یان دانانی بەردی بناغەی بینایەك دێت))(صلاح فضل، 1998، 120)، لەزمانی فەڕەنسیدا (structure)ی پێدەوترێت، لەزمانی عەرەبیدا( البنیویە) بۆ بەکارهاتووە، لە زمانی فارسیدا( ساختارگرایی) بۆ بەکارهێنراوە(سیما داد، 2004، 223)
دیارە پێناسەکردنی چەمکی بونیادگەریی کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە دیدگای جیاوازەوە سەیردەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی ئەم چەمکە بۆ سێ بابەتی جیاواز، کە خۆیان لە بە زانستبوون و فەلسەفە و میتۆتدا دەبیننەوە، لە هەمانکاتیشدا بونیادگەری لە کایەی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و زانستی دەروونناسیشدا کاری خۆی

کردووە((بونیادگەری میتۆدێکی تازەیە، سـیمای ڕوون و ئاشـکرای لە هزری نوێدا هەیە. بەوەی کۆمەڵێك دیالۆگی لەگەڵ کۆمەڵێك زانسـتدا هەیە، وەك زمانەوانی، ئەنسـرۆپۆلۆژی، دەرونزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کەرسـتەیەکی تێروانینی و شیکردنەوەیە))( عمر، 2015: 35). لەو ڕووەوە فەیلەسوفی فەڕەنسی( میشێل فۆکۆ) دەڵێت:(( ناتوانرێت بە ئاسـانی پێناسـەیەك بۆ بونیادگەری دیاریبکرێت، چونکە ئەم زاراوەیە ئاماژەکردنە بۆ کۆمەڵێ شـیکردنەوەو ڕێرەو و کتێبی جۆربەرجۆر.)(علی تاهیر حسـەین، 2008، 28). بەگشـتی دەتوانین بڵێین(پێکهاتە، یا بنیات لە واتا و چەمکدا چوارچێوەی ڕێکخراو و ئاشـکرا یا نائاشـکرای بەرهەمی ئەدەبییە، بنیات لەڕاسـتیدا بریتییە لە سـیستەمێك کە تێیدا هەموو پارچەکانی بەرهەمەکە بە کارلێك لەگەڵ یەکدا و لە سـایەی پێکەوە لکانیان لەگەڵ یەکتریدا گشـتگیرییەکی هاوئاهەنگ و گونجـاو دەخولقێنن هـاوشـێوەی ئۆتۆمبێلێك، کە جوڵەو ئیشـکردنەکەی بەرهەمی هەرەوەزی و هاوئاهەنگی پارچەکانیەتی)(سـەنگەر نازم و هیمداد حسـین، 2018، 407).

لەبـاری مێژووییەوە بونیـادگـەری بۆ یـەکـەمجـار لەکـایەی زانسـتی زمـانـەوانیـدا سـەریهەڵداوە، بە پشتبەستن بە ئەندێشـەکانی زانای زمانەوانی سویسری(فردیناند دی سۆسێر)(( میتۆدی پێکهاتەیی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە بە فراوانی بەکار دەهێنرێت، دەکرێ بیرۆکەکانی (فێردینان دی سـۆسـێر) بە سـەرەتای ئەم قوتابخانەیە دابنرێت))(مهاجیر و نبوی، 1384، 173) لەو ڕووەوە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بە بەهرە وەرگرتن لە ئەندێشـەکانی ناوبراو، هەوڵیانداوە دەقی ئەدەبی وەکو یەکەیەکی گشتگیر و سەربەخۆ ببینن و بخوێننەوە ((لەدوای هەوڵەکانی سوسێرەوە، دۆزینەوەی پێکهاتەکان بووە سـەرەکیترین ئەنگیزەی توێژەران لە زانسـتە جۆراوجۆرەکاندا، لەوانە ئەدەب، بیردۆزی زمانی سـیسـتەماتیک (وەك سـۆسـێر باسـیدەکات) هانی ڕەخنەگرانی دا کە ئەدەب بە سـیسـتمێکی هاوپەیوەندیدار بزانن و بەدوای هەمان ئەو جیاکارییەوە بن کە سوسێر لە نێوان زمان و گوتن دا خستیەڕوو))( پیشـگاهی فرد، 1392، 44) فردیناند دی سوسێر پەیوەندی نێوان زمان و گوتن ((بە یاری شەترەنج دەچوێنێت، بەو پێیەی هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی گەمەی شـەترەنج( بۆ نمونە سـەرباز یان فیل یان قەڵا) بەبێ پەیوەندی لەگەڵ کۆی ڕەگەزەکانی دی، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام دەشـێت ڕەگەزێکی دیاریکراو( بۆ نمونە وەزیر) لەپەیوەندیدا بەڕەگەزەکانی ترەوە ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر و بەرجەسـتەتر ببینێت))( نەوزاد ئەحمەد، 2015، 88)، لەڕاستیدا هەمان نموونە و هاوکێشە بۆ پەیوەندی نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی پەیکەرەی دەقی ئەدەبیش ڕاسـتە، هەر ڕەگەزێك لەو پێکهاتەیە خاوەن مەغزا و دەلالەتی خۆیەتی، لاوازبونی ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبی کار لە ڕەگەزەکانی دیکە دەکات، هەمویان پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز لەنێوانیاندا هەیە و بە هەمویان بونیادێکی بەهێز و تۆکمە پێکدەهێنن. ئەم ڕەوتە پێیوایە زمان بریتییە لە کۆی پێکهاتەی ڕەگەزە جیاواز وپێکەوە بەستراوەکان، بەجۆرێك ناشێت هیچ ڕەگەزێك بەجیا دیاریبکرێت و پێناسـە بکرێت، گشـتگیری یەکێکە لە بنەما سـەرەکییەکانی

بونیادگەری، ئەم چەمکە هەندێکجار بە مانای گرێدانی پەیوەندییەکانی نەسـەق( سیستەم) دێت، بەتایبەتی پەیوەندی بەش بە کۆ، یان کەمینە بە زۆرینە.

لەڕووی شـێوازی کارکردنەوە میتۆدی بونیادگەری یەکێکە لەو میتۆدە ڕەخنەییانەی، کە بۆ شـیکاری دەقی ئەدەبی سـودی لێ دەبینرێت، ئەم میتۆدە ئەگەرچی لەڕووی مێژووی سـەرهەڵدانییەوە، دەکەوێتە دوای میتۆدی فۆرمالیستی، بەڵام ئەم میتۆدە ڕەخنەییە میکانیزمی کارکردنی بەهەمان شێوەی میتۆدی فۆرمالیستی دەقی ئەدەبی لە کاریگەری نوسـەری دەق دادەبڕێت و نایبەستێتەوە بە ژینگە و لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی سـەردەمەکەی، بەڵکو تەنها مامەڵە لەگەڵ کەرەسـتە و پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبی دەکات و شـیکاری بۆ دەکات، چونکە بونیادگەرەکان وەکو بوونێکی سـەربەخۆ تەماشـای دەقی ئەدەبی دەکەن، لەبەر ئەوەی بونیادگەری زیاتر ((پەیوەسـتە بە بونیادەوە، زۆر تایبەتتریش پەیوەسـتە بە تاقیکردنەوەی ئەو یاسـا گشـتیانەوە، کە بونیاد تێیاندا کار دەکات، بایەخ دەدات بە کەمکردنەوەی دیاردە تاکەکەسـیەکان.))( تیری ئیگڵتن، 2016، 216). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بونیادگەری زیاتر کارکردنە لەسەر لایەنی زمانی خودی دەقەکە، واتە کەمکردنەوە و نەهێشتنی کاریگەری نوسەر لەسەر دەقەکە، بەواتایەکی تر لەم میتۆدەدا گرنگی ڕەها بە دەق دەدرێت و بەتەواوی ژیاننامەی نوسەر فەرامۆش دەکرێت و دەق دادەبڕێت لە هەموو کاریگەرییە دەرەکییەکان، بەپێی بۆچوونی (ڕۆمان یاکۆبسـن) کە یەکێکە لە ڕابەرانی میتۆدی بونیادگەری جەخت لەوە دەکاتەوە کە ((نابێ بۆ تایبەتمەندیی ئەدەبی و شـیعریی، لە دەروونی نوسـەردا بگەڕێین))(ئەنوەر قادر،2010، 148). بەپێچەوانەی ئەو ڕەخنانەی کە ئاراسـتەی دەکرێ((بونیادگەری مانا ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو لەناو دەق خۆیدا و لەڕێگەی پەیوەندییە زمانییەکانەوە مانا دەدۆزێتەوە، ئەوەی کە مەدلول بە دال دەبەخشـێ خوێنەرە نەوەك دەقنوس. دەق سـیسـتەمێکی دەلالیە و خوێنەرە جیاوازەکان مەدلولی پێدەبەخشـن))( رنیە ولك و اوسـتن وارن، 2004: 114) لەمەوە باس لە سـەربەخۆی دەق دەکرێ، تەناتەت (ڕۆلان بارت) چەمکی (مەرگی نوسـەر)ی هێنایەکایەوە، بەواتایەکی تر دەسـەلاتی خاوەن دەقی لاواز کرد، مراندنی نوسەر بەخشینی ژیانە بە دەق، تەنانەت (T.S.Eliot)یش پێیوابووە کە هیچ شـتێك لە دەرەوەی دەق نییە( حەمە مەنتك، 2018: 104). چونکە بونیادگەرەکان باوەڕییان وایە، کە(( خوێنەر نوسـەری ڕاسـتقینەی دەقە، هەرچەندە خوێنەر خاوەن باگراوندی ڕۆشـنبیری بەرفراوان بێت، خاوەن خوێندنەوەی باش دەبێت))(نەوزاد ئەنوەر، 2015، 42)، هەربۆیە لەروانگەی زۆرێك لە رۆشـنبیرانەوە بونیادگەری جۆرێکە لە نوێگەری و دابرانە لە کۆن. لەلایەنی رەخنەییدا بونیادگەری هەنگاوی گەورەی ناوە، بەوەی پەیوەندی بونیادگەراکان و ئەدەب بوونە هەوێنی رێچکەی نوێگەرییەکان، چونکە بونیادگەری چەمکی راستەوخۆی لە زمانەوە وەرگرت، زمان لە ئەرکی گەیاندنەوە بەرەو ئەرکی هونەری رۆیشـت و شـێوازگەری هاتە کایەوە، چونکە بونیادگەری ((گرنگی بە هیچ شـتێك نادات، جگە لەدامەزراندنی دەق نەبێت و مەحاڵە بە بێ گەرانەوە بۆ زمان، لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکرێت.))(حسـەین لەتیف، 2013، 15)

لێرەدا ئاماژە بەو بنەمایانە دەکەین کە میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەری وەکو پێوەرێك بەکاریهێناون بۆ لێکۆڵینەوە لەدەقی ئەدەبی، هەروەکو گوتمان یەکەم بنەما کە بونیادگەرەکان بەکارییانهێناوە، دورکەوتنەوە بوو لەڕەهەندی مێژووی دەق(( بونیادگەرەکان هەوڵی لەکارخستنی لایەنی مێژوویان دا، بە ئامانجی توێژینەوە لە خودی دەق، بەوەی هەموو دەقێکی ئەدەبی بونیادێکی سەربەخۆ و سیستەمێکی زمانیی خۆی هەیە))( عبدالقادر علی باعیسی، 2004، 41).

لەلایەکی دیکەوە هەموو شاکارێکی ئەدەبی و دەقێکی باڵا خاوەن بونیادێکی قووڵ و شاراوەیە، میتۆدی بونیادگەری هەوڵی دۆزینەوە و شیکردنەوەی ئەو بونیادە قووڵە دەدات، لەڕێگای نیشاندان و دەرخستنی بنەما دوالیزمییەکانی وەك((لێکچوون( التشابە)، هاوسەنگی(التوازی)، دژیەکی( التضاد)، هاوسێتی( التضامن)، هاوبەرانبەری( التقابل)، پێچەوانەیی(التناقض) دەدات)).( علی تاهیر حسەین:2008: 107).چونکە ((بونیادگەری وا دەروانێتە جیهان کە کۆمەڵێك دوالیزمی تێکچرژاوو هاوبەرامبەر بێت.))( سەرچاوەی پێشوو، 2008، 112). هەروەکو گوتمان لە بونیادگەریدا (( هەموو رەگەزەکانی دەق پەیوەندی دوو لایەنەیان لەگەڵ یەکتری هەیە.))( هانز بێرتێنز، 2015، 100).

**بەشی دووەم: شیعری(گۆرانی) لەتیف هەڵمەت لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ڕەخنەی بونیادگەریدا.**

بێگومان خوێندنەوەی دەق بەپێی میتۆدی بونیاگەری هەروا کارێکی ئاسان و سەرپێی نییە، بەڵکو پێویستی بە وردی و قوڵی زۆر هەیە، تاوەکو ئەو بونیادە شیکەیەوە کە دەقەکەی لێ پێکهاتووە.

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین دەقی شیعری(گۆرانی)ی لەتیف هەڵمەت بەپێی میتۆدی بونیادگەری بخوێنینەوە. سەرەتا دەقی شیعرەکە دەخەینە بەرچاو:

## گۆرانی

من گۆرانیم نەدەزانی 1
هەژارەکان فێریان کردم 2
توورەبوونم نەدەزانی 3
زۆردارەکان فێریان کردم 4
خۆشەویستیم نەدەزانی 5
ڕووبارەکان فێریان کردم 6
من شیعرم هەر نەدەزانی 7
دڵدارەکان فێریان کردم 8
دەست و پەنجەی قڵیشاو و پێ خاووسی 9
جوتیارەکان فێریان کردم 10
ئەگەر مردن هەر نەشبووایە 11
لەپێناوی هەژاراندا من دەمردم (لەتیف هەڵمەت،1977، 90) 12

سێ دێڕی سەرەتای شیعرەکە لەسەر شێوەی هاوشێوەیی (التشابە)ی دروست بووە یان پێکهاتووە، هاوشێوەیش بریتییە لە (دووبارەبوونەوەی یەکەیەك لەسەر ئاستی

ڕستە و پێکهاتەی گشتی)( علی تاهیر، 2008، 174). لەم تێکستەدا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لە نیوە دێڕەکانی(1، 3، 5، 7) کرداری( نەدەزانی) دووبارە بۆتەوە، کە شێوەیەکی نەرێنی(نێگەتیڤ)ی هەیە و لە نیوە دێڕەکانی(2، 4، 6، 8، 10) کرداری( فێریان کردم) دووبارە بۆتەوە، کە شێوەیەکی ئەرێنی( پۆزەتیڤ)ی هەیە ڕستەی یەکەمی بە جێناوی یەکەمی سەربەخۆی تاك، کە (من)ە دەست پێدەکات بەدوای ئەویش (ناو) دێت، لەکۆتایی نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی یەکەم بەکرداری (نەدەزانی) کۆتایی دێت. لە نیوە دێڕی دووەمیدا بە(ناو) دەستپێدەکاتەوە و بەکرداری (فێریان کردم) کۆتایی دێت، بەم شێوەیە.

جێناوی سەربەخۆ+ ناو+ کردار

من+ گۆرانیم+ نەدەزانی

ناو+ کردار

هەژارەکان+ فێریان کردم

لە نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی دووەمدا بە (ئاوەڵناو) دەست پێدەکات بەدوایشیدا کردار دێت، پاشان لەنیوە دێڕی دووەمدا بەناو دەست پێدەکات بەکرداری دووبارەبووەوەی (فێریان کردم) کۆتایی پێدێنێت.

ئاوەڵناو+ کردار

توڕەبوونم+ نەدەزانی

ناو+ کردار

زۆردارەکان+ فێریان کردم

لەنێوە دێڕی یەکەمی دێڕی سێیەمدا بە(ناو) دەستپێدەکاتەوە و بە کرداری (نەدەزانی) کۆتایی دێت، نیوە دێڕی دووەمی دێڕی سێیەم بەهەمان شێوە بە(ناو) دەستپێدەکاتەوە و بە کرداری (فێریان کردم) کۆتایی دێت.

پاشان لە نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی چوارەمدا بەهەمان شێوەی دێڕی یەکەم بەجێناوی سەربەخۆی (من) دەستپێدەکات، دواتر (ناو) دێت و ئینجا (ئاوەڵکردار) دێت کۆتاییەکەشی (کردار)ە. پاشان لە نیوە دێڕی دووەمی دێڕی چوارەمدا بە (ناو) دەست پێدەکاتەوە و بەکرداریش کۆتای دێت

جێناوی سەربەخۆ+ ناو+ ئاوەڵکردار+ کردار

من+ شیعرم+ هەر+ نەدەزانی

ناو+ کردار

دڵدارەکان+ فێریان کردم

پێکهاتەی دێڕی پێنجەم بەم شێوەیە:

ناو+ ئاوەڵناو+ ئاوەڵناو

دەست و پەنجە+ قڵیشاو+ پێ خاوس

ناو+ کردار

جوتیارەکان+ فێریان کردم

ئامرازی مەرجی+ ناوی ڕوودان+ ئاوەڵکردار+ کردار

ئەگەر مردن هەر نەشبووایە

ئامراز+ناو+ناو+ جێناوی سەربەخۆ+ کردار
لە+ پێناوی+ هەژاراندا+ من+ دەمردم

ئێمە ئەگەر سەیری ئەم دابەشکردنانە بکەین، دەبینین لەنیوە دێڕەکانی(2، 4، 6، 8، 10)، جگە لە نیوە دێڕی دووەمی دێڕی شەشەم، هەمویان (ناو و کردار)ن، واتە نیوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە(ناو و کردار) پێکهاتوون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ریتم و ئاوازی دێڕەکان لەسەر بنەمای هاوشێوەیی (التشاكل) بێت، تا دەگاتە نیوە دێڕی دووەمی دێڕی کۆتایی کە ڕیتمی دێڕەکەی دەگۆڕێت.

ئەگەر سەیری ئەم دابەشکردنانە بکەین، دەبینین لە (جێناوی سەربەخۆ+ناو+ئاوەڵناو+ ئامراز+ کردار+ ئاوەڵکردار) پێکهاتوون.

لە ڕووی پێکهاتەی ڕستەییەوە، لە ڕاستیدا پێکهاتەی هەموو دێڕەکان جیاوازن لەیەکتری واتە وەکویەکتری نین، بەڵام دێڕی پێنجەم بەتەواوی جیاوازە لە دێڕەکانی تری ئەویش بەهۆی ئەوەی نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی پێنجەم (دەست و پەنجەی قڵیشاو و پێ خاوسی) ئەم نیوە دێڕە جیاوازە لە نیوە دێڕەکانی تر بەهۆی ئەوەی کرداری تێدا نییە. لەسەر ئاستی ڕستە، ڕستەیەکی ناتەواوە، چونکە تەنها لە (ناو و ئاوەڵناو) پێکهاتووە، واتە کردارێکی تێدانییە تاوەکو واتاکەی تەواو بکات، بۆیە دەڵێین ڕستەیەکی ناتەواوە. بێگومان ئەم دەربڕاوە (دەست و پەنجەی قڵیشاو و پێ خاوسی) لە قسەکردنی ڕۆژانە و ئاسایدا هەروەها لەنوسیندا گونجاو و ڕێپێدراو نییە، چونکە ئەگەر لەلای کەسێك ئەم قسەیە بکەیت و بڵێیت (دەست و پەنجەی قڵیشاو وپێ خاوسی) ئەوا ئەو کەسەی کە قسەی بۆ دەکەین هیچ لە دەربڕاوەکە تێناگات، بۆیە پێویستی بە کردارێك هەیە بۆ تەواوکردنی واتاکەی و گەیاندنی مەبەست بە بەرامبەرەکەی ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە نابێت ئەوەمان لە یادبچێت، کە هێشتنەوەی ئەم ڕستەیە بە ناتەواوی لە زمانی شیعردا ئاساییە و ڕێ پێدراوە، هەروەکو ئاشکرایە زمانی شیعر تێکشکێنەری هەموو پرەنسیپ و یاسا و ڕێسا زمانەوانییەکانە، چونکە ئەم لادانە زمانییە زۆرجار بەرگێکی جوان دەکات بەبەر شیعرەکەدا و چێژ بە خوێنەر دەگەیەنێت و زیان ناگەیەنێت بە شیعرەکە، واتە نابێتە نەنگی و لاسەنگی لە شیعرەکەدا، بەڵکو دەبێتە جۆرێك لە جوانکاری و ڕازانەوە و شیعرییەت بە شیعرەکە دەبەخشێت.

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەگەر بە کەسێك بڵێی (دەست و پەنجەی قڵشاو و پێ خاوسی)، ئەوا لەو کاتەدا ئەو کەسە پرسیارێکمان لێدەکات و دەڵێت: (دەست و پەنجەی قڵیشاو و پێ خاوسی) چی؟ چونکە بەتەواوی مەبەست و واتاکەی پێناگات، دیارە وەکو وتمان (لە شیعردا ئەم تەواوکردنی ڕستانە بە کۆششێکی تایبەتی بۆ فرەکردنی شیعریەت دەژمێردرێ، واتە شیعریەتێکی فراوان لە پاڵ ئەم بەجێهێڵانەی ڕستە و تەواو نەکردنیدا هەیە)( علی تاهیر، 2008، 177).

کەواتە ئەم تەواو نەکردنی ڕستەیە ئامانج و مەبەستی پەنهان و شاراوەی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بە شیعریەت ئەژمار دەکرێت و جۆرێکە لە ئیستاتیکییەت. هەروەها ئەم تەواو نەکردن و بێ واتاییەی ڕستەکە بە کارێك شکاوەتەوە، کە زیاتر

خزمەت بە تێکستەکە دەکات، واتە تەواونەکردنی ڕستەکە جۆرێك لەجوانی و چێژی بەخشیوەتە تێکستەکە و ئەمەش وایکردووە سەرنجراکێشتر دەربکەوێت. بە واتایەکی تر هەموو دێڕەکانی ڕستەکانی تر تەواون، جگە لە نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی پێنجەم کە ڕستەیەکی ناتەواوە، واتە پێنج ڕستەی تەواو بەرانبەر بە یەك ڕستەی ناتەواو.

لە دێڕی کۆتایدا لەڕووی واتا و بونیادەوە دەتوانرێت بوترێت جیاوازە لە دێڕەکانی تر، شاعیر دەیەوێت بڵێت بەهۆی ئەوەی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا لە هەموو شتێکی جوان و خۆش بێبەشن و لەهەموو ڕوویەکەوە پەڕاوێز خراون و هاوکات بە چاوی سوکیشەوە سەیر دەکرێن، بەڵام من لە ئەوانەوە جوانی و ناسکی فێربووم، شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت ئەگەر مردنی مرۆڤ هەر لە بنیاتەوە(لەئەزەل)ەوە نەبوایە، ئەوا بێگومان من لەپێناوی هەژارەکاندا خۆم بەخت دەکرد و دەمردم، دەتوانرێت بوترێت دەکرێت ئەمە وەکو هاوخەمی و دڵنەواییەك سەیربکرێت بەرامبەر بەم چینەی کۆمەڵگا کە هەژارەکان و جوتیارەکان و دڵدارەکانن و بەهەموو شێوەیەك چەوسێنراونەتەوە.

(هەژارەکان، دڵدارەکان، جوتیارەکان) ئەمانە چینە هەژارەکانی کۆمەڵگان، دیارە ئەم سێ تاقمە بوون بە هۆی ئەوەی شاعیر (گۆرانی و شیعر و هەوڵدان) فێرببێت.

واتە(گۆرانی و شیعر)جوانی و هەست ناسکی و بەخشندەیی و لێبوردەیی و گەشبینی و...هتد لێ بەرهەم دێت، کە بەهۆی ( هەژاەکان و دڵدارەکان)ەوە شاعیر پێی ئاشنا بووە، هەروەها (هەوڵدان وماندونەبون) یشی کردووە بە قەڵغانێك و چەکێك و بە دەستمایەك بۆئەوەی پێویستی بەدەستی کەسی نامەرد و زاڵم نەبێت، بۆیە شاعیر لەکۆتا دێڕیدا، دەڵێت مادام من ئەو هەمووە شتە جوان و سودبەخشانە فێربووم لەو سێ تاقمەوە، بۆیە منیش ئامادەم و بێ سڵەمینەوە لە پێناوییاندا بمرم.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، دەقەکان لەسەر باری ئاسۆیی( هاونشینی) زیاتر بۆ تەواوکردنی واتای خۆیانن، بەڵام لەسەر ئاستی ستونی( جێنشینی)، واتە (شاقووڵ) بۆ ئەوەن بگەن بە (گیانبەختکردن). هەروەکو ئاشکرایە هاونشینی و جێنشینی یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ڕەخنەی بونیادگەری، کە نوێنەرایەتی بەرهەمهێنانی واتا دەکەن)( حسێن، 2021، 395)، ئەم ڕستانەی سەرەوە کە وێنەیان لێپێکدێت هەریەکەیان بە ئاسۆیی دەڕۆن و لەسەر شێوەی هاوشێوەیی پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن، هەروەها لەسەر ئاستی ستونیدا (شاقووڵ) ی دێڕەکان نزیکن لە یەکترییەوە ( لە مەودایەکی دووردا بۆ گەیشتن بە ستراتیژییەتی دەق ) (حسین، 2008، 178).، دەتوانین بەم شێوەیە بە هێڵکاری گوزارشتی لێ بکەین

نەدەزانی ↓

فێریان کردم ↑

دەمردم ↓

دەتوانین بڵێین هاوشێوەیی لە ئاستی دێڕەکاندایە نەك وشەکان، هاوشێوەیی لە ئاستی دێڕەکاندا بریتییە لە هاوشێوەیی شێوازی پێکهاتەی ڕستەکان، لە نیوە دێڕەکانی( 1، 3، 5، 7) لە شێوەی ڕستەی (هەواڵی)دایە، شاعیر دەیەوێت ئەم هەواڵە بە کەسانی دەوروبەری بگەیەنێت و بڵێت من پێشتر هیچم نەزانیوە، بەڵام نیوە دێڕەکانی(2، 4،

6، 8) شێوازی ڕوونکردنەوەی ڕستە هەواڵییەکەی هەیە و شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە(هەژارەکان، دڵدارەکان، جوتیارەکان) فێریان کردووەمە.

ئێمە ئەگەر سەیری تێکستەکە بکەین، هەست بەجۆرە هاوسەنگییەك دەکەین لە نێوان هەردوو کرداری ( نەزانین، فێرکردن)دا، کە بەرانبەر بەیەکتر وەستاون ئەویش بنیادی (نەزانین و زانین)ە، کە لە ئەنجامدا بنیادی (زانین) زاڵ دەبێت بەسەر (نەزانین)دا.

واتە دوالیزمی دژیەکی لە تێکستەکەدا دەبینرێت، کە لە دێڕی یەکەمەوە دەست پێدەکات و لە دێڕی چوارەم کۆتایی دێت، واتە دوالیزمە دژەکان لەسەر ئاستی کرداریدایە، دژیەکیش بریتییە لە((بوونی دوو وشەی واتا دژ و پێچەوانەی یەك، جا ئەم وشانە لەفەرهەنگدا سەربەخۆییان هەبێت، یانیش دووەمیان نەرێی یەکەم بێت))( مستەفا ئەحمەد، 2016، 7).

لەخوێندنەوەی ئەم تێکستەدا دەبینین (زانین و هەوڵدان و فێرکردنی) زاڵکردووە بەسەر (نەزانین)دا، یان هەوڵدانی زاڵکردووە بەسەر دەستەوەستانیدا هەروەك لە کردارەکانی(نەدەزانی و فێریان کردم)دا دیارە و بەئاشکرا هەست بەم بەریەککەوتنە دەکەیت و دوالیزمی تێکستەکە پێکدەهێنن، هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد کارکردن لەسەر بنەما دوالیزمییەکان یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی کارپێکردنی بونیادگەرەکان.

ئێمە ئەگەر لەڕووی واتاییەوە سەرنج بدەین، دەبینین شاعیر لەدێڕی یەکەمدا لەگەڵ گۆرانی وشەی هەژارەکانی هێناوە، واتە بەرهەمی کەسە هەژارەکان گۆرانی و شتی ئارام بەخشە ئەمەش دەلالەتە لەوەی کە هەژارەکان کەسانی دڵ ناسك و مرۆڤدۆستن، واتە کەسانێکن کە هەمیشە دەستی هاوکارییان درێژە بۆ کۆمەکی کردنی دەوروبەرییان و بێ بەرامبەر یارمەتی خەڵك دەدەن، واتە زیانییان نییە بۆ کۆمەڵگە، هەروەها شاعیر لە زۆردارەکانەوە فێری توڕبوون بووە، واتە کەسە زۆردارەکان ئەوەندە زوڵمیان کردووە لە خەڵك بەوهۆیەوە شاعیر بەناچاری فێری توڕەبوون و کینە و ڕق بووە، ئەم بەرابەرییە دوالیزمی دژیەکە، واتە لە هەژارەکانەوە فێری سۆز و بەخشین بووە، بەڵام لە زۆردارەکانەوە فێری توڕە بوون و ڕق و قین بووە. هەروەها شاعیر باسی ئەوە دەکات کە شیعر لە دڵدارەکان فێربووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، دڵداران و عاشقەکان زۆر گرنگی بە هەست و سۆز دەدەن و نایانەوێت هیچ کەس دڵی لێیا بڕەنجێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی خۆشەویستی دەردەبڕن بۆ مەعشوقەکەیان، بۆیە شاعیر لەوانەوە فێری نیشاندانی سۆز و خۆشەویستی بووە، هەروەها لە جوتیارەکانەوە فێری ڕەنجدان و خۆ ماندوکردن بووە بۆ ئەوەی چاوی لە دەستی کەسەوە نەبێت. لەکۆتایدا دەبینین شاعیر وەکو وەفا و ئەمەکێك بەرامبەر بە هەژارەکان کە فێری بەخشین و خۆشەویستیان کردووە، بۆیە خۆی بە قەرزاری ئەو چینە دەزانێت و دەڵێت بێ سڵەمینەوە و ترس من ئامادەم لەپێناوی ئەو چینەدا گیانی خۆم بەخت بکەم.

هەروەها دوالیزمی دژیەك لەم وشانەدا هەیە ( هەژارەکان × زۆردارەکان)، (توڕەبوون و ڕق × خۆشەویستی) ئەمانە هاودژی یەکترن.

لێرەدا بکەر کە(من)ە لەدێری یەکەمدا بێهێز و لاواز دێتە بەرچاو، کە گرفتارە بە دەردێکەوە ئەویش نەزانینە، بەڵام دواتر شـــایەتیەك دەدات و جۆش و خرۆشـــێك دەیگرێت و دەڵێت لەو دەردە ڕزگارم بووە و فێریان کردوم. لێرەدا شـــاعیر باری نەزانی خۆی نیشـــانداوە و دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو نەزانییە تاســـەر نەبووە و چینی هەژارەکانی کۆمەڵگا فێریان کردووە و لەو نەزانییە ڕزگارییان کردووە.

ئەگەر لە ڕووی سینتاکسیەوە لەم تێکستە بڕوانین، کە جگە لە نیوە دێری(9)یەم، ئەوا هەموو دێڕەکانی تر لەڕووی ســـینتاکســـیەوە تەواون و کرداریيان لەگەڵە، بەڵام نیوە دێری(9)یەم دەبینین لە شێوەی گرێ (فرێز)دایە و واتای تەواو نادات بەدەستەوە.

هەروەکو ئاشکرایە پێکهاتەی ڕێزمانی کرداری تێپەڕ پێویستە لە ( بکەر و بەرکار و کردار) پێکبێت، بۆ نمونە

- ئازاد نانەکەی خوارد.

کرداری تێنەپەڕیش پێکهاتەی ڕێزمانی بەم شێوەیەیە (بکەر و کردار)، بۆ نمونە

- ئازاد هات.

ئەمانە پێکهاتەی ڕیزمانی زمانی کوردین، بۆ نمونە لە دێری پێنجەمدا دەتوانین بەم شێوەیە ڕێکخستنی بۆ بکەین لە ڕووی سینتاکسیەوە

- **دەســـت و پەنجەی قڵیشـــاو و پێ خاوســـی جوتیارەکان فێرە هەوڵدان و زانینیان کردم.**

ئەم ڕێکخســـتنە زیاتر ئاســـتی ڕێزمانی و قســـەکردنە، کەواتە دەقە ڕێزمانیەکە بووە بە هەوێنی دەقە شـــیعرییەکە، هەر لەبەر ئەوەیە بونیادگەرەکان زۆر گرنگی بە زمان دەدەن لە شیکردنەوەی دەقدا.

بەگشـــتی ئەم دەقە لە دوو بونیادی ســـەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش: یەکەم شـــاعیر لەبونیادی یەکەمدا باس لە نەزانی خۆی دەکات و ئاگادارمان دەکاتەوە، کە کۆمەڵگا بەرهەمهێنەری ئەوەیە کە تاك چۆن ببێت و هەڵگری چ جۆرە خوڕەوشـــتێك بێت، بەواتایەکی تر ئەوە کۆمەڵگایە ئاراســـتەمان دەکات کە بۆ نموونە ئینتیمامان چۆن بێت بۆ خاك و نەتەوە، هەروەها ڕاددەی دڵسۆزیمان بۆ کارەکانمان دەردەخات، بۆ نموونە هەژارەکان و دڵدارەکان و جوتیارەکان فێری گۆرانی و دەربڕینی هەســـت و ســـۆزی ناســـك و هەوڵدانیان کردووە، هەروەها ڕەفتاری خراپی زۆردارەکانیش فێری توڕەبوون و بەگژداچوونەوەی زوڵم و زۆرداریيان کردووە.

بونیادی دووەم شـــاعیر وەکو وەفا و ڕێزێك و دانەوەی چاکەی ئەو چینەی کۆمەڵگا کە(هەژارەکان)ن و گۆرانیان فێری شاعیر کردووە، شاعیر دێت و دەڵێت من ئامادەم گیانی خۆم لەپێناوییاندا ببەخشـم، ئەمە ئەوپەڕی دڵسـۆزی شـاعیرە بەرامبەر بەوانەی کە چاکەیان لەگەڵ کردووە، بۆیە شـــاعیر ئامادەیە گرنگترین شـــتی ژیانی خۆی کە( ڕۆح)یەتی ببیەخشـــێت، وەکو وەفا و نیشـــاندانی ڕێزێك لەبەرامبەر ئەو چاکەیەی بەرامبەری کراوە، لەلایەکی ترەوە دەیەوێت پێمان بڵێت کە شاعیران چەندە بە ئەمەك و بە وەفان کاتێك چاکەیەکیان لەگەڵ دەکرێت ئەوان ئامادەن بە گیان و ڕۆح وەڵامی ئەو چاکەیان بدەنەوە، ئەو تێکســـتە لەو دوو بونیادە ســـەرەکییە پیکهاتووە کە ئاماژەمان پێکردووە.

بەشێوەیەکی گشتی لەنیوە دێڕەکانی یەکەمدا( بکەر) باس لە نەزانی و ناشارەزایی و کەم ئەزموونی خۆی دەکات، بەڵام لە نیوە دێڕەکانی دووەمدا زانین زاڵ دەبێت بەسەر ( بکەر)دا و لە نەزانین ڕزگاری بووە و بارەکەی گۆڕاوە لە نەزانینەوە بۆ زانین، هەروەك ئاشکرایە( بکەر) لەدێڕی کۆتایدا شاعیر دەیەوێت وەفا و ئەمەکداری بنوێنێ بەرامبەر بەو سێ چینەی کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەوەی کە( بکەر) ناتوانێت بەشێوەی ماددی پاداشتیان بداتەوە، بۆیە وەکو وەفا و پێزانینێك دێت لە بەرامبەر ئەو چاکەیەی کە لەگەڵیان کردووە و لەنەزانی و تاریکی ڕزگارییان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا فێری خۆشەویستی و بەخشندەییان کردووە، بۆیە دەڵێت بەبێ دوو دڵی ئامادەم گیانم بەخت بکەم لەپێناو ئەو چینەی کۆمەڵگادا.

## ئەنجام

دەتوانین ئەنجامەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە.

1- هەموو دەقێك لە کرۆکیدا خاوەنی پێکهاتە و بونیادێکە، کاری ڕەخنەگری بونیادگەر دۆزینەوە و ئاشکراکردنیەتی بە پشتبەستن بە ڕەگەز و یەکە زمانییەکان.

2-ڕێبازی بونیادگەری ڕێبازێکە بۆ شیکردنەوەی دەق و دابڕینی دەقە لە هەموو هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و...هتد، وەك ئەوەی کە ئێمە لەشیکردنەوەی ئەو تێکستەدا، تەنها لە خودی تێکستەکەدا بەدوای پێکهاتە و واتاکانیدا گەڕاوین.

3-جەوهەری ڕەخنەی بونیادگەریی شیکردنەوەیە، نەوەك حوکمدان بەسەر دەقدا، وەك ئەوەی کە تەنها شیکردنەوەمان بۆ ئەو تێکستەی لەتیف هەڵمەت کردووە.

4-دوالیزم یەکێکە لە بنەماکانی کارکردنی بونیادگەرەکان، ئەم دەقەی لەتیف هەڵمەت لەسەر بنەمای دوالیزمی (زانین و نەزانین) دامەزراوە.

5-لە ناوەڕۆکی ئەو شیعرەدا، شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت کە پێویستە ڕێز لەو سێ چینەی کۆمەڵگا ( هەژارەکان، دڵدارەکان، جوتیارەکان)بگرین، لەبەرامبەردا دژی زۆردارەکان بوەستینەوە.

**Listy sarchawakan:**

**First: ba zmani kurdi:**

**A- Kteb:**

-Aswad, Nawzad Ahmad(2015) farhangi zarawakani adab w zansta mrovayatyakan, chappy yakam, chapkhanay Taran.

- Bertenz, hanz(2015) bnamakani tiory adaby, wargerani: abdulxalq yaquby, sulaimaniyah, chapkhanay sardam.

- Pitar halberg w danarany tr(2010) tiory adaby w shewaznasy, wargeran: anwar qadir muhamad, Sulaymaniyah, malbandi kurdology.

- Egltn, tery,( 2016) tiory adabi, wargeran: ata qaradaxy, chapkhany Taran.

-Latif Halmat, diwan(1977) prchy aw kcha rashmally garmyan w kwestanma, chappy yakam, chapkhanay Taran.

- Mantk, hama(2018) Mitodakani Raxnay Adabi, hawler, nusinagay tafsir bo chap w blawkrdnawa.

-Hussein, Ali Tahir (2008) raxnay bunyadgary la tiorawa bo praktizakrdn, Chappy yakam, Sulaymaniyah: Chap w pakhshy sardam.

- Hussein, himdad(2010) darwazayak bo raxnay adabi nwei kurdi, chappy dwam, hawler, chapkhanay baz.

**B- Govar:**

- Omar, nawzad anwar(2015) mitody bunyadgari w terwanineky pragmatiky( mobila shiir) banmuna, zhmara 37 tshrini yakam, govary zankoy koya.
- Mstafa ahmad w safya ahmad(2016) shikrdnaway dzhyak la shiirakani( Nali)da, zhmara 38 tshriny yakam, govary zankoy koya.
- Huseein, nahi(2021) nishtimany zawtkraw la shiiry( kotry xasaw rahimawa)y ( kazhal ahmad)da twezhinawayaky bunyadgaranaya, zhmara(4), govary zankoy koya.

**Second: ba zmani Arabic:**

- Baissy, abdulqadr ali(2004) fi mnahij alqiraat alnaqdya alhadis, Sana, markaz abadi lildrasat walnashr.
- Fazl, salah(1998) nazarya albinaya fi alnaqdl adabi, alqahira, dar alshruq.

**Third: ba zmani farsi:**

- Dad (sima)(1994) Farhangi istlahati adabi, taran, intsharat mrwarid.
- Pishgahy fard w qara bigy( 2013) jyografyay ps sakhtgaraa, taran, nasht zaytun sabz.
- Makark, rima(1384) dansh nama nazaryahay adaby maasr, tarjama: mhran mahajr w muhamad nabawy, taran, intsharat aga.
- Renya walk Awstn warn(2003) nazarya adabyat, tarjama zya mawhad- parwiz mahajr, chappy sewam, taran, intsharat Nilofar.